# ئاسیاوی قازی لە کفری

## توێژینەوەیەکی (مەیدانی -شیکاری)

**د.علی هجران محمد غریب**
زانكۆی سلێمانی
Ali.gharib@univsul.edu.iq
**محەمەد عبد ڕەحمان محەمەد**
شوێنەوارناس

ڕێککەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/١/٥ ڕێککەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی: ٢٠٢٥/٢/١

**پوختە:**

بوونی بیناسازیەکی لەم جۆرە لە شاری کفری ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی شاری کفری لە ئاستێکی بەرزدا بوە لە ڕووی ئابووری و ئاوەدانیەوە, بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵ و بوونی بازارێکی گەورە. لە ڕووی شارستانیەتەوە ئەوە سەلمێنراوە کە ئاش بۆ دێ و شار دیاردەیەکی شارستانییە, دروستکردنی ئاش دیمەنێکی بەیەکەوە بەستنی شار و لادێی و کشتوکاڵ و شارستانیەتی دادەنرێت. بێگومان, کفری بێبەش نەبوو لەم جۆرە بیناسازیە لە پۆلێن کردنی جۆرەکانی بیناساز ئیسلامیدا بە جۆری بیناسازی ئاوی _ئابوری هەژمار دەکرێت, بە بوونی چەمی (قەز قاپان) لەگەڵ بەرهەمی دانەوێڵە و بازارێکی گەورە زەمینە ساز بوو بۆ گەشەکردنی ئەم جۆرە لە بیناسازیە لە کفری.

کلیلە وشە: ئاش , ئاسیاوی قازی, کفری، بینای ئاوی.

**Summary**:

The presence of such a building in Kufri clearly indicates that the area was at a high level of economic prosperity, particularly in agriculture and the establishment of a large market. In terms of civilization, it has been demonstrated that the provision of bread for villages and cities is a hallmark of a developed society. Furthermore, Kufri was not lacking in this type of construction, which, within the classification of Islamic architecture, is considered a form of water-related construction. The presence of the Qaz Qapan stream, along with grain production and a large market, facilitated the development of this type of construction.

**Keywords**: Ash, Asian Qazi, Kufri, Water Building.

**پێشەکی:**

ئاشیاوەکان یەکێکن لە گرنگترین یەکەکانی بیناسازی ئاوی، ئەم دەزگایانە کە مرۆڤ دروستی کردوون، بەتەوژمی ئاو کاریکردوە بۆ بەرمهێنانی ئارد ، بۆیە بە بیناسازی ئاویی ناودەبرێت چونکە ئاو فاکتەرێکی سەرەکی کارکردنی ئەم ئامێرە. بێگومان ئاش تەنها یەک جۆری نیە، بەڵکو ئاش هەیە بە تەوژمی هەوا کار دەکات و ئاشی ئاژەڵیش هەیە، ئەم جۆرەیان بە هێزی ئاژەڵ کاریان دەکرد.

مرۆڤ پێش داهێنانی ئاش، چەندین جۆری تر کەرەستەی بەکارهێناوە بۆ هاڕین دانەوێڵەکان، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنەوە جۆرەکانی ئاش بونە هۆی بەرهەمهێنانێکی زیاتر و خێراتر و ئاسانتر. کشتوکاڵ و هاڕین دوانەیەکی یەکترتەواوکەن، لە هەرشوێنێک کشتوکاڵ هەبێ، هاڕینیش هەیە، جونکە پرۆسەیەکی یەکتر تەواوکەرن.

شاری کفری وەک هەندێ سەرچاوە باسی دەکات کە بە شاری کاروان سەرا ناسراو بووە، هەڵکەوتەی جوگرافی و بوونی سەرچاوەی ئاو لەگەڵ بوونی بەرهەمی دانەوێلە و بازارێکی گەورە پاڵنەرێکی بەهێز بوون بۆ دروستبوونی و گەشکردنی ئەم جۆرە لە بیناسازییە.

لەم توێژینەوەیەدا جەخت کراوەتە سەر لایەنی بیناسازی ئاش، لەگەڵ باس کردنی جۆرەکانی، بەکورتی باسی مێژووی دەرکەوتنی ئاش لەگەڵ باسێکی پوختی شاری کفری ولایەنەکانی جوگرافی و مێژوویی، دواتر باسی ئاسیاوی قازی دەکەین لە ڕووی مێژووی دروستبوونی و لایەنی تەلارسازی بیناکە.

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا دەرخستنی لایەنی گرنگی ئەم بینا سازیە، و شیکردنی بوونی ئەم جۆرە لە بینا سازیە لە کفریدا. میتۆدی کاری ئەم توێژێنەوەیە شیکاری مەیدانیە.

**١. ١ مێژووی ئاش:**

مێژووی دەرکەوتنی ئاش وەک بیناسازی تا ئێستا دیاریکراو نیە، هێشتا مشت ومری لەسەرە (بوزاد،٢٠٢٠، ٦)، بەڵام لەو کاتەی مرۆڤ بیری لە کشتووکاڵ کردووەتەوە، پێویستی بە ئامێرێک هەبووە کە دانەوێڵەکانی پێ بهارێت و بیکات بە ئارد و پێداویستییەکانی رۆژانەی پێ بەرهەم بهێنێت، بۆیە مرۆڤ بیری لە دروو ستکردنی ئاش کردەوە (رە شە، بێ شال ،٨٦). ئاش تەنها بۆ هارینی دانەوێڵە نەبووە بەڵکو بۆ هەندێ بابەتی تر وەکو کلێنەسازی وهارینی هەندێ کەرەستە وەک بەردی کانزایی بۆ بەرهەم هێنانی رەنگ، (بوزاد ،٢٠٢٠، ٥).

بەردی دەستار، لە کۆتای سەدەی هەشتەمی پێش زایینیدا پاشا (ئازا) پاشای میتانییەکان بە زمانی ئارامی تۆمارێکی لە سەر بەرد نووسیوە کە لە گوندی تپە قەڵای نزیک بۆکان دۆزراوەتەوە و لە تۆمارەکەدا تەنها سیانزە دێڕی کۆتایی ماوە، لەو دێرانەدا دووعا لە هەر کەسێک دەکات کە بەردەکە بشکێنێت یان نووسینەکەی بکۆژێنێتەوە ئەوا: دەنگی هاڕەی دەستاڕەکان لە وەڵاتەکەی ببرێت بەواتای لەناوچونی وەڵاتەکەی و بێ بەروبووم بێت. بەردی هاڕین و بەردی دەستاڕ لە زاگرۆسەوە بە بازرگانی نێردراوە بۆ بابل.(Marf، 2016، 7 ).

سەرەتا هاڕین لە چاخی بەردینی ناوەڕاستەوە دەستپێکردوە، بەڵام لە چاخی بەردینی نوێدا پەرە دەسێنێت و دەستاڕ پەیدا دەبێت، لە سەدەی(٣پ.ز)یدا خلۆکەی ئاو پەیدا دەبێت، لە سەدەی دووەمی پێش زایینی پەرەی سەند

بۆ ئا شی ستوونی لە ئا سیای بچووک پا شان لەوێوە بۆ یۆنان ورۆما، ئا شی ئاوی سەرەتا لە رۆژهەڵاتی نزیکەوە پەیدا بوو، بۆیە یەکەم ئاشی ئاوی لە ئیتاڵیا لە سەردەمی ئیمبراتۆری (اوغیست) دروستکراوە لە (٢٧پ.ز) (بوزاد،٢٠٢٠، ٣)

**٢,١ جۆرەکانی ئاش:**

**جۆرەکانی ئاش بریتین لە.**

**یەکەم**: ئاشـــی ئاژەڵیی ئەم جۆرە ئاشـــاە بە هێزی ئاژەڵەکانی وە (گا، وشـــتر و گوێدرێژ) کاریان دەکرد، ئاژەڵەکە بە دەوری یەک چەق (محور) بازنەییدا دەســـووڕانەوە، بینای ئاشـــەکە بە شـــێوەیەکی بازنەیی دروســـتدەکرا کە بنمچەی گومەزیی.

**دووەم:** ئاشـــە ئاوییەکان: ئەم جۆرە ئاشـــانە لە قەراغی گوندەکاندا یا لە ســـەر رێگای کەناڵە ئاوییەکان دروســـت دەکران، بە تایبەتی لەو جێگایانەی کە لێژن و ئاوەکەی بەخێرایی دەڕژێتە خوارەوە، کە یارمەتیدەرە بۆ ســـووڕاندنی ئاشـــەکە، گرنگترین بەشـــی ئەم ئاشـــە تەندوورەکەی بوو کە شـــێوەیەکی نیمچە معینی هەبوو بە شـــێوەیەک کە ئاوی عەمبارکراو لە دەرچەیەکی بچووکەوە و بەهێزێکی زۆرەوە بەردی ئاشـــەکەی دەخســـتە جووڵە، بەردە ئاشـــییەکان زۆر بەهێز بوون و شـــێوەیەکی بـازنەییـان هەبووە و یەکێکیـان جێگیر و ئەوەی تریـان جووڵاو بوو، گەنم یـان هەر دانەوێڵەیەک لە رێگای کونێکەوە بۆ ناوەندی بەردەکە دەنێردرا، بەهۆی کاریگەری جووڵە بەردەکەی ســـەرەوە بەســـەر بەردەکەی خوارەوەدا کە گەنمەکەی دەگۆڕی بۆ ئارد (وێنەی ژ. (١)) . ئەم جۆریان دوو دانە شێوازی هەیە:

**یەکەم:** ئاشـــی ئاســـۆی، هێزی پاڵنەرەکەی بەردی ئەم جۆرە لە بەشـــی ژێرەوەی، کە خۆی لە ســـەر پەروانەیەکی جێگیرکراوە لە ســـەر ئاراســـتەی ئاوەکە دەبێنێتەوە. (رهیل، ٢٠٠٤، ١٤٦): ئەم جۆرەیان لە پێ دەشـــت دروســـت دەکرا، پێیان دەگوت ئاشـــی (بەتەنوورە)، ئەم جۆرە ئاشـــە دەبوایە بینایەکی لە شـــوێنێکی نزمدا دروســـت دەکرێت لە عەمبار (قۆتەرەوە)لە سەر شێوەی (تەنووری نان) بە بەردوو گەچ درو ست دەکرێت.(بیخالی، ١٩٨٧، ٨٨) بکرێت و بەرزاییەکی باش بۆ عەمباری ئاو (قۆتەرە)کەی ڕێک خەن و جۆگە بۆ پەری تەمۆ لە قتەرەوە لەسەر شکڵی تەنور(تەندور).


**دووەم :** ئا شی ئە ستوونی ئەم جۆرە هێزی سورانەوەی بەردی ئا شەکە لە بە شی سەرەوە (رهێل،٢٠٠٤، ١٤٦): ئەم شـــێوەیە لە ناوچە شـاخاوییەکان دروســـت دەکرێت، بە ئاشـــی بەکۆل ناســـراوە، کۆبی ئاشـــیش بریتیبوو لە دارێک بە درێژی (١)م، بە زۆریش ئەو دارە یا داری (توو) بوو یان داری (بی)، چونکە ئەم دوو جۆرە دارە ماوەیەکی زۆر لە نێو ئاودا بەرگەی ئەگرد(بیخالی، ١٩٨٧، ٨٨)

**سێیەم:** ئا شی هەوایی، جۆرێکی تری ئا شە کە بە هۆی هێزی با کار دەکات، بە گشتی لە رابردوودا ئا شی هەواییان بەمەبەســـتی هارینی دانەوێڵە بەکارهاتووە، هەروەها لە ئاشـــی هەوایی کەڵکیان وەرگرتووە بۆ ڕاکێشـــانی ئاو، کە پێی دەوترا (پەمپی ئاوی)، ئاشـــی هەوایی پێکهاتبوو لە چەند ئارچەیەکی ســـتوونی کە نزیکەی(٦-١٢) پارچە دەبوو، ئەرکی ئەم ستوونانە بریتی بوو لە گواستنەوەی هێزی هەوا بۆ سوورانەوەی بەردە تاشی ئاشەکان وە وردکردنی دانەوێڵەکان، هەندێک پێیان وایە مێژووی ئەم ئاشە دەگەرێتەوە بۆ (١٣٠٠.پ .ز) (رهێل،٢٠٠٤، ١٤٦)

**٣,١ ئەو ئامێرو کەلوپەلانەی کە لە ئاشدا بەکارهێنراون:**

بێگومان هەموو ئامێرێک لە چەند پارچە وبەش بێکهاتووە وە هەر یەکە لەو پارچانە ئەرکێکی دیاری کراویان هەیە، سەرەڕای ئەوەی ئاش بەگشتی لە ناوچووە وە ئەستەمە دەزگایەکی ئاش بە تەواوی لە ئێستادا بەردەست بێت بۆ ئەوەی بە کرداری توێژەر بەشەکانی شی بکات، لەم توێژینەوەیەدا پەنا براوە بۆ سەرچاوەکان بۆ دەستنیشانکردنی بەشەکانی ئاشی ئاوی، ئامێری و کەلوپەلی ئاشی ئاوی لەمانە پێکهاتوون: وێنەی ژ (١)

- **کول: ئەو** بەشەیە کە دانەوێڵەی تێ دەکرێت بۆ هارین، لە ناوەراستی بەشی خوارەوەی کونێکی تێدایە بۆ تێپەربوونی دانەوێڵە بۆ بەشێکی تر.
- **بوسکە**: لە داری قامێشی ناو بەتاڵ (نیو لولەی) دروست دەکرێت، بەشێکی لە ناوەڕاستی کۆڵ جێگیردەکرێت تاوەکو دانەوێڵەی پێدا بچێتە خوارەوە بۆ نێو سورێنک.
- **سورێنک**: سەری بوسکە دەکەوێتە نێو سورێنک، چونکە سورێنک وەک کۆل وایە، بەڵام لە سەرەوە کراوەیە، لە تەنیشتەوە چەقێنەی پێوە گیرکراوە، سەرێکی دەکەوێتە سەر بەرداش و لە گەڵ سورانیدا بلند و نەوی دەبێت، دانەوێڵە لە سەرێنکە دەخاتە نێو گەرووی بەرداش سەرەوە.
- **چەقێنە:** بە عەیار دانەوێڵە بە وا تای (دە نک دە نک) وە ڕێچکەی ڕێزی دروست لە سورێنکەوە دە بات بۆ گەرووی بەرداش سەرەوە، لەوێشەوە دانەوێڵە دەکەوێتە نێوان هەردوو بەرداش و دەبێت بە ئارد.
- **تۆق:** پارچە کانزایەکە لە نێو قەدی بەرداش سەرەوە دەبەسترێت، چونکە ئەو تاکە بەرداشە دەبێت سێ پارچە ڕێکوپێک بێت تاکو بە ئاسانی هەڵگێرو وەرگێڕی پێ بکرێت.
- **تەوەر**: پارچەیەکی کانزایە درێژی (٥٠)سم و پانی (٣)سم دەبێت، لە سەر بەردی سەرەوە جێگەی بۆ چاک دەکرێت، کاری ئەم پارچەیە ئەوەیە بەرداشی سەرەوە دەسوڕێنێ، چونکە بەرداشی خوارەوە جێگیرە.




وێنەی (١) پێکهاتەی تاشی ئاوی (بیخاڵی، ١٩٨٧،٨٨)

- **بســت**: پارچەیەکی لولەیی خرە لە کانزا دروســتدەکرێت، لە تەمو گیردەکرێت و ســەرێکی لە نێو بەردی گەورەیەو، لە بن ئاشـی بە نێو بەرداشـی ژێرەوەدا دەکشـێت بۆ نێو بەرداشـی سـەرەوە لە سـەر گەرووەی بەرداشـی سەرەوە بە تەوەر قایمدەکرێت تا بەرداش سەرەوە لە گەڕان نەبێت،
- **بەرۆکی ئاش**: لە شێوەی ئاخوری وولاخ دەکات، ئارد دوای هاڕین لە نێوبەروک کۆدە کرێتەوە.
- **پشتوک:** ئەو ئاردەی دەکەوێتە نێو پشبرۆک.
- **بێرۆک:** واتە بێڵێکی بچووک، ئەمەیش لە دار دروســت دەکراو لە ســەر شــێوەی خاکەنازێکی بچووک وایە دەسکی پێوەنییەو ئاردی ناو (بەرۆک)ی تێدەکەنە.
- **قەپوولە یان(کەپوولە):** عەیاری ئاشە، دانەوێڵەی باراشی پی دەپێورا(١١) کەلپوولە بۆ باراش هێڕبوو.
- **بیراز**: یا بیرا ستن، یا دەمە زەردکردنەوە لە بەر ئەوەی ڕووی بەردا شی سەرەو لە سەر ڕووی بەردا شی ژێرەوە دەسوڕێ بۆ هارینی دانەوێڵە تا بیکاتە ئارد.
- **ئاشیاوی قازیی شاری کفری**

**١.٢ شوێنی جوگرافیی شاری کفری:**

شــاری کفری دەکەوێتە باشــوری شــاری کەرکوک (١٣٠)کم، لەم شــارەوە دووره(ئیســماعیل خان،٢٠١٠، ٢١). هەر لەو کاتەوەی کفری بووە بە قەزا ،سـەر بە پارێزگای کەرکووک بوو، لە سـاڵی (١٩٧١)ز. خرایە سـەر پارێزگای دیالە و (١٥٠)کم،



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لە ناوەندی پارێزگاکەوە دوورە (مستەفا، ٢٠٠٧، ٥). ئەم شارە لە رووی ئیسترونۆمی فەلەکییەوە دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی(٤٥,٢٩°)ی رۆژهەڵات و بازنەی پانیی (٣٤,٤١° )ی باکوری گۆی زەوییەوە دوورە (دەلۆ،٢٠١٠، ١٩).

شاری کفری لە سەردەمی بابانییەکاندا و لە دوای درووستبوونی شاری سلێمانی، کفری بووە بە چەقی رێگای کاروان بازرگانییەکانی نێوان سلێمانی و بەغدا، هەر ئەم رێگا کۆنە رێگای نێوان (لۆلۆ- سۆمەر)ییەکان بووە، (عزیز، ٢٠١٣، ٢٠,٢١).

ئەم ناوچەیە گرنگی ستراتیژی و ئابووری خۆی هەبووە تا ئەو ڕادەیەی وێستگەیەک بووە بۆ پێکەوەگرێدانی کاروان بازرگانییەکانی شارە گەورەکانی وەک لە نێوان دەوڵەتانی عوسمانی و ئێرانیدا کە کاروانەکان بە شارەکانی(سنجار، موسڵ، هەولێر و پردی) پاشان بە (کەرکوک و داقوق) دواتریش بە (کفری و خانەقین و مەندەلی)دا دەڕۆیشت بەرەو کرمانشان و ئێران، هەروەها شوێنێکی گرنگ بووە بۆ پاراستنی رێگاو بانەکان و گرێدانی پەیوەندییەکانی شارە گەورەکان بە یەکترییەوەSimpson، 2017، pp.24-27 )

سنووری ناوچەی کفری لە سەردەمی عوسمانیدا جگە لە گوندەکانی سەر بە ناوەندی کفری ناحییەکانی دووزخورماتوو و قەرتەپە لەخۆدەگرێت، لە سەردەمی پاشایەتیدا ناوچەی نێوان زنجیرە چیاکانی قەرەداغو حەمرین، لە سەردەمی کۆماریشدا لە ناحییەکانی (قەرەتەپە، جەبارە، سەرقەلاو کۆکس)پێکهاتووە.(عزیز(شەماڵ)٢٠١٩، ١٠).

**٢. شوێنی جوگرافیی ئاسیاوی قازی:**

**ئاسیاوی قازی دەکەوێتە** باکووری خۆرهەڵاتی شاری کفری یەوە بە دووری (٢)کم،ئاسیاوەکە لە رووی ئیسترۆنۆمی فەلەکییەوە دەکەوێتە سەر هێڵی پانیی (٣٤°، ٤٢'،"٤١) – (٣٤°، ٤٢'،"٥٣)، هەروەها هێڵی درێژی (٤٤°، ٥٨'، "٢٤) – (٤٤°، ٥٨'، "٣٧)، کە دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای ناحیەی سەرقەلا بە دوورە(٨,٥)کم هەروەها دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای قەزای کەلارەوە بە دووری (٣٤)کم و دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای پارێزگای سلێمانییەوە بە دووری(١٦٥)کم، (علی، ٢٠١٩، چاوپێکەوتن). وێنەی ژ. (٢)




وێنەی (٢) سەرچاوە
( Google Map)بە
دەستکاری توێژەران

### ٣.٢ مێژووی دروستبوونی ئاسیاوی قازی:

مێژووی درووستبوونی ئاسیاوی قازی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی (١٩)ز و سەرەتای سەدەی(٢٠)ز. (سۆباری و مجید، ٢٠١١، ٩٢)، ئاسیاوەکان یەکێکن لە گرنگترین ئەو دەزگایانەی کە مرۆڤ درووستی کردوون و زۆر گرنگییان پێ دراوە، لە دەوروبەری شارەکان کە لە نزیک زۆربەی گوندەکان ئاسیاو درووستکراوە لە سەر چەمی کفری و لقەکانی (١٦) ئاسیاو هەبوون بە ناوی (قوشە چاپان، قازی، خربە، قەمبەر، گۆبان، مەلا موسا، ئیبراهیم بەگ، حاجی خلیل، موسی بەگ، قەرە داگیرمان، لەگەڵ چوار ئاسیاوی دیکە کە ناوەکانیان نازانرێن. بەڵام هەندێ سەرچاوە باس لە بوونی (٣٥) ئاش دەکات لەساڵی((1907.) ، (موصل ولایەتی سالنامەی،١٣٢٥،٢٢١). نەخشەی ژ. (١).

هەتا سییەکانی سەدەی رابردووش هەموو ئاسیاوەکان بەکاربوون، بەڵام بەپێی پرۆسەی یەکلاکردنەوە و تەسوییەی زەوییەکان، کە لە چلەکاندا بەڕێوەچوو،(عزیز،١٣٥،٢٠١٣) هەروەها بەهۆی دەرکەوتنی ئامێری گەنم هاڕینەوە کە بە کارەبا میکانیکی کاریان دەکرد زۆربەی ئاسیاوەکان لە کارکەوتن (حداد، ٢٠١٠، ٣٧).

ئاسیاوی قازی لە سەر رووبەر (٣٠٠)م، ژمارەی پارچە(٥)، ژمارەی کەرت(٧١/ناساڵح)، لایەن هەریەک لە (عومەر ئاغا، وەستا حسین، عەلی مەهدی، محەمەد سەلیمەوە خاوەنداریێتی کراون (عزیز، ٢٠١٣، ١٣٥). (عومەر ئاغا لە سەرەتاکانی سەدەی (١٩)ز. لە کفری جێگێربوە، لە ناوەڕاستی سەدەی (١٩)ز. کۆچی کردوە، بۆیە مێژووی ئەم ئاشە بۆ سەرەتاکانی سەدەی (١٩)ز دەگەڕێت.




نەخشەی ژ.(١)

### ٤.٢ هۆکاری درووستکردنی ئاسیاوی قازی:

ئەتوانی هۆکاری دروستبوونی و گەشەکردنی ئاسیاوی بەگشتی لە کفری و ئاسیاوی قازی بەتایبەتی،

أ- قەزای کفری لە کۆندا مەڵبەندێکی گرنگی کاروانە بازرگانییەکان بووە، هەروەها ناوەندێک بووە بۆ تێپەڕبوونی بازرگانی و هێنان و بردنی شمەک و خواردن و دانەوێڵە لە ناوچە دورەکانەوە.

ب- قەزای کفری لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە ناوەندێک بووە بۆ بەشێکی زۆر لە ناوچەی گەرمیان کە خەڵکەکە پشتیان پێبەستووە بۆ ڕاپەڕاندنی لە کارەکانیان.

ت- بوونی ئەم چەمە و جوگرافیای ناوچەکە کە پڕە لە بەرز و نزمی و دۆڵ و گردۆڵکە کە یەکێکە لە ها ندەرە سەرەکییەکانی دروستکردنی ئاسیاو لە ناوچەیە.

ث- بوونی زۆرێک لە جۆرەکانی کەرەستەی بیناسازی لەو شوێنەدا و هەروەها بوونی دەستی کار (وەستا) (سوباری و مەجید ،٢٠١١، ٩٢).

ج- بوونی دێهاتێکی زۆر لە سنووری ناوچەی کفری.

ح- بوونی بازارێکی بەهێز و ژمارەیەکی زۆر خان کە ئاماژەن بۆ بوونی ئاڵوگۆڕێکی بەهێز لە ناوچەکەدا.

**٣. پێکهاتەی بیناسازیی ئاسیاوی قازی:**

ئاسیاوی قازی لە سەر زەویەکی ئاسایی و تەخت دروستکراوە، بەڵام لای باکوور و ڕۆژئاوای تەپۆڵکەیەکی بەرزترن لە زەوی ئاسیاوەوە، دیارە ئەو جۆگە سەرداپۆشراوەی کە نزیکەی (٤٠)م لە هەمان شوێنەوە واتا لای باکوورەوە ئاو دەگەیەنێت بە ئاسیاوەکە وهەر ئەمەش وایکردووە ئاسیاوەکە لە دامێنی ئەو تەپۆڵکە و بەرزاییە دروستبکرێت(سوباری و مەحید، ٢٠١١، ٩٤)

کەرەستەی بیناسازی ئەم ئاسیاوە لە بەردی گەجین دروستکراوە، لە ناوچەکەدا بە بەردی (قایە) ناسراوە، ئەم جۆرە لە بەرد بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ناوچەی کفریدا بوونی هەیە، لە بینا کەلەپوریەکانی شاری کفری بە شێویەکی فراوان بەکارهاتوە (احمد و برادۆستی، ٢٠١٧، ١٠٤) لەگەل گەچ.

**٣ .١ تاوەری ئاسیاوی قازی:**

لە ڕووی بیناسازیەوە تاوەری ئەم ئاسیاوە شێوەیەکی (لولەی)هەیە، هەندی لە بەشی سەرەوەی تازە نوێژەنکراوە، دەکەوێتە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاوەکە، بەرزی تاوەرەکە (٦)م، تیرەی تاوەرەکە لە بەشی خوارەوەی (١,٥٥)م و لە بەشی سەرەوەی (١,٤٠)م دەبێت. سەرکەوتن بۆ تاوەرەکە بە پلەکانەیەکی لوولپێچی دەبێت. ئەم تاوەرە هیچ ئەرکێکی تەواوکەری نیە بۆ ئاسیاوەکە، بۆیە بە بۆچوونی هەندی توێژەر هۆکاری دروستکردنی ئەم تاوەرە، ئەوەیە بۆ هێماکردن یان ئاگادار کردنەوەی ئەو کەسانەی بیانەوی دانەوێلە بهێنن بۆ ئاسیاوەکە، بۆ ئەوەی بزانرێت ئاسیاوەکە کار دەکات یان نا(سوباری و مەحید، ٢٠١١، ٩٤)

**٣ .٢ . ژوورەکانی ئاسیاوی قازی:**

بە شێوازێکی ئەندازەیی ڕێک دروستکراوە پێکهاتوە لە چوار ژوور، بە شێوەیەک دابەشکراون بەسەر ڕووبەری ئاسیاوەکە کە هەر دوو ژوور و یەک پێوانەیان هەبێ وەک ئەوەی دوو ژووری یەکەم کە دوو ژووری بچوکترن، پێوانەکانیان یەکسانە بە درێژی(٢,٥)م و پانی(٢,٣)م .ژووری لای باشووریان دەرگایەکی لەسەرە بە هەمان شێوە ڕووی لە باشووره و پانیەکەی یەکسانە بە (٨٠)سم. بنمچەی ئەم بینایە بە گومەز کراوە لە گەڵ بوونی کەوانەی نوک تیژ، وێنەی ژ(٣)




وێنەی ژ (٣أ) بنمچی ئاسیاوی قازی (فۆتۆی توێژەران)




وێنەی ژ (٣ب) کەوانەی نوک تیژ (فۆتۆی توێژەران)

لەگەڵ بوونی دوو ژووری تر کە بە پێوانە یەکســـانن (٢,٣) بە (٣,٧)م، پەیوە ندی نێوان ئەم دوو ژوورە بەهۆی دەروازەیەکەوەیە، ژووری لای باکوور ژووری بەرداشەکەیە واتا جێی هاڕینی دانەوێلەکان بووە کە لەڕێگەی جۆگەیەکی ئاوی سەرداپۆشراوەوە ئاوەکەی پێ دەکات. نەخشەی ژ (٢)

دەرگای سەرەکی لە بەشی باشووری ، لە گەڵ بوونی تاقێکی چوارگۆشە، لەگەڵ بوونی.



نەخشەی ژ(٢أ)
(سوباری و مەجید، ٢٠١١، ٩٣)




CS CamScanner الممسوحة ضوئيا بـ

نەخشی ژ. (٢ب) (سوباری و مەجید ٢٠١١، ٩٣)



وێنەی ئاسیاوی قازی (فۆتوی توێژەران)



وێنەی ئاسیاوی قازی (فۆتوی توێژەران)

**ئەنجام:**

لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشـــتین بە چەند بۆچوونێک کە هەوڵدەدەین لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

- شــاری کفری یەکێکە لە شــارە گرنگ و پڕ بایەخەکانی ناوچەی گەرمیان، کە خاوەنی شــوێنێکی ســتراتیژی و گرنگی هەبووە.
- یەک لەو هێما بەهێزەکانی بوونی شارستانەیتی بەهێز ئاشە، چونکە ڕەنگدانەوەی ئاوەدانی و ئابووری بەهێزە.
- ســـەرباری هەڵکەوتەی جوگرافی کفری کە لەســـەر ڕێگای کاروانســـەرا بوو، بوونی جوگرافیایەکی لەبار بۆ دروستکردنی ئاشیاو، وەک ئەرزی بەپیت و چەمێکی باش و بازارێکی بەهێز لەگەڵ تۆبگرافێکی گونجاوە
- بوونی ئاوەدانییێکی زۆر لە ناوچەی کفری وەک لادێ و ناحیەی نزیکی شـــاری کفری، واتا ناوچەیەکی قەرەباڵغ بوو.

**لیستی سەرچاوەکان**

زمانی کوردی

- احمد، هونەر فخرالدین و برادۆسـتی، زیدان رشـید خان اودل(٢٠١٧) بازاری کۆنی شـاری کفری، زانکۆی صـلاح الدین، هەولێر.

• حەمە، فرمان توفیق(٢٠١٨) ئاشـــاکانی گوندی بێســـتان ســـوور، توێژینەوەیەکی زانســـتی قۆناغی چوار، بڵاونەکراوە، بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی سلێمانی.

• دەلۆ، حسین اسماعیل(٢٠١٠) ناوچەی کفری لەنێوان ساڵانی ١٩١٤-١٩٤٥ز، چاپی یەکەم ، کرکوک.

• رە شە، ئەکرەم مەحموود ساڵحی، (بێ ساڵ) شاری سلێمانی، چاپی دووەم، دەزگای رۆ سنبیری و راگەیاندنی بڵاوکردنەوەی کوردی.

• عزیز، سهیل خورشید(٢٠١٩)، ئابووریی ناوچەی کفری لە هەڵکشانەوە بۆ داکشان نێوان ساڵانی (١٨٥٠-٢٠١٨) ، چاپی یەکەم.

• عزیز، سهل خورشید(٢٠١٣) مێژووی ناوچەی کفری لە کۆنەوە تا سالێ ١٩٥٨، چاپی یەکەم.

• عەزیز، فوئاد عبدالله کوێخا فرج(٢٠١٧) ئاشی ئاو ، توێژینەوەیەکی زانستی قۆناغی چوار، بڵاونەکراوە، بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی سلێمانی.

• نەریمان، مستەفا(١٩٨٦) شۆڕشی ئیبراهیم خانی دەلۆ، چاپی دووەم، بەغداد.

• نەریمان، مستەفا(٢٠٠٧) ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروپشت، چاپی یەکەم.

گۆڤاری کوردی:

• بێخالی، مەولود قادر(١٩٨٧) ئاشی ئاو، گۆڤاری کاروان ،ژ ٥٣، بغداد.

• سۆباری، محەمەد عەلی و مەجید، ئارام محەمەد(٢٠١١) ئاسیاوی تاوەرداری چەمی کفری، گۆڤاری سۆبارتۆ، ژ. ٤-٥.

• عەلی، سەلیم حسین.(٢٠٠٠) کفری و شاری بەرەبەیانی مێژوو، لە یادکراوی ئەمرۆ، هەزارمێرد، ژ ١١، سلێمانی.

زمانی عەرەبی :

• رهیل، دونالد(٢٠٠٤) العلوم و الهندسة في الحضارة الاسلامية، ترجمة، احمد فؤاد باشا، کویت.

• صفوت بک، عزتلو( ١٣٢٥) هجري، مو صل ولایتی سالنامه سی،، سالنامه رسمیسیدر، مو صل مطبعة ولایتده طبع اولنمشدر. (مطبعة سنده طبع أولنمشدر).

گۆڤاری عەرەبی

• بوزاد، فاطمة(٢٠٢٠) جوانب اقتصادية و احتماعية من تاريخ الرحى المائية و الرحويين بالمغرب الأقصى خلال العصر الوسيط، مجلة رؤى تاريخية للأبحاثو الدراسات المتوسطية، المجلد الأول العدد الاول.

• حداد،بنيامين(٢٠١٠) الرحى المائية، مجلة ثراثنا الشعبي ، المجلد الاول ، العدد ٢.

زمانی ئینگلیزی:

• Marf، Dilsha، A(،2016(Cultural Interaction between Assyria and the Northern Zagros، PhD Dissertation، Leiden University.

- Simpson، St John، Sasanian Cities:(2017) Archaeological Perspectives on the Urban Economy and Built Environment of an Empire، SASANIAN PERSIA، EDITED BY EBERHARD W. SAUER، EDINBURGH University Press، ، pp.24-27.


چاوپێکەوتن:

- د. پێشەوا محمد علی، (٢٠٢٢) مامۆستای بەشی جوگرافیا ، کولێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.